# شەهید ئازاد پیاوە دڵسۆزەکەی هەژاران

ژیان ئەو شنە بایەیە جوانیەکان ئاوێتەی یەک دەکات . **شەهید ئازاد** زۆر لە ژیان باڵاتربوو ، بەبیری کێدا دێت منێک لە عەسکەرەوە ئەویش لە هەورامانەوە ، کێ لە نهێنی بە یەک گەیشتنی دوو مرۆڤ تێدەگات سەدان فرسەخ لێک دوور نە خزم نە نزیک بگەنە یەک و ئاوێتەی عەقڵی یەک بن و باوەشی ڕەسەنی بیری هەژاران کۆیان بکاتەوەو دەست لە ناو دەست هەنگاوی ڕاستی تێکۆشانی نەتەوەیەک لەگەڵ یەکدا هەڵبگرن ، ئەمە دڵداری نیە زۆر لە خۆشەویستی دوو دڵدار گەورەترە ، چارەنووسی کۆمەڵە مرۆڤێکە چەقیوەتە زەلکاوی بێ ویستی و خۆویستی و نا هوشیاریەکی وا پەی نەبرێ بە دەربازبوون ، دوو ویست دوو هۆش دوو نەوەی تازە پشکوتووی ناو گەلێکی بێ مراد ، دوور لە خۆویستی و بەرژەوەندی کەسێتی و خۆ تەرخانکردن بۆ نەتەوەیەک لێوان لێو لە ئازارو چەوسانەوەی خۆیی و داگیرکەر.

مانگی ئازار هێوری و هەناسەیەکی نوێی کردەوە بە گەرووی تاکی بێ ئامانج لە نیشتمانێکی هەڵپرووکاوی دەستی ناحەزی ناوەکی و داگیرکاری ، دەروویەک لە ئێمەی لاو کرایەوە بایەکی باڵی خۆمان بدەین.

جاری یەکەمم بوو لاوێکی باریکەی بزۆزو ژیرو قەلب سووک و دەم بەخەندە و خۆش گۆو خۆش مەشرەفم بینی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کەرکووک ساڵی ١٩٧١ دەمی لە بیری پێشکەوتوو خوازی دەکوتا زۆریش باوەڕی بە خۆی بوو ئەوەی دەیوت لە ناخ و عەقڵیەوە دەهاتە دەرێ تۆپی زەمانە نەیدەتوانی پێی ڕەتبکاتەوە ، لە ناخی خۆمدا دەمگوت دەبێ کێمان ئەویترمان ڕاکێشێ بۆ ڕێکخستنەکەی خۆی .

من کۆمەڵە بووم ، بووین بە هاوەڵ و بیروو ڕامان گۆڕییەوە زۆر لێک نزیک بووین ، ئەتوانم بڵێم ئەوەندە پێگەیشتوو بوو کۆمەڵەت بخستایەتە بەردەستی و سڵت لە کاروو کردەوەو ڕابووردوو و کەسایەتیەکەیت نەکردایەتەوە تەنها ئەوەندەی مابوو سەری بەداوی ئەو تێکۆشانەوە بکەیت کە ئەو لێی دەگەڕا ، ماوەیەکی باش بەیەکا هاتین و دوان و ئاڵووگۆڕی بیروبۆچوونی یەکترمان کرد ، ڕۆژێکیان وتی بەرهەمی ئەم گفتووگۆو دواندنو بەیەکاهاتنە چی بە خزمەتی نەتەوەی کوردو هەژارانی کوردستان دەگەیەنێ ، گەیشتینە ئەوەی ، ئێمە پێویستیمان بە ڕێکخراوێکی

مارکسیستیەو ئەبێ دروستی بکەین یا لە دووی بگەڕێین ، ڕۆژێک وتی "زۆر کەس دەبینم لەم بابەتە قسانە دەکەن بەڵام تۆ جیاوازییەکت هەیە لەگەڵ ئەوان ، ئەوان هەموو شتێک بەسەر یەکدا دەدەن بەڵام تۆ جۆرێک ڕیزبەندی هەیە لە وتەکانتدا" لێرەدا بۆم دەرکەوت زۆر چاک دەتوانی کاری هەڕەمەیی لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی لێک جیابکاتەوە و پێشبینی بکات بەڵام هێشتا ناتوانێ بڕیار بدات کە من لە ڕێکخستنێکەوە بۆی هاتووم و ئەمەوێ بیخەمە داوی ڕێکخراوەکەمەوە ، ئەوەبوو دوای ڕاوێژ بەڕێکخستن گەیشتمە ئەو بڕوایەی کۆمەڵەی لا بدرکێنم ، لەو سەردەمەدا کۆمەڵە درکاندن زۆر سەخت بوو بۆ کەسێک لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریدا گەر ماوەیەکی زۆریشت لەگەڵیا بەسەر بردبێت لەبەر پاراستنی ژیانی ڕێکخراوەیی .

تا ئەو ساتە وەختە تاکە ئەندامی کۆمەڵە خۆم بووم وەک خوێندکاری ناو یەکێتی قوتابیان لە کەرکووک ، ئەندامی ناوچەی قوتابیان بووم ، شەهید ئازاد پێش بوونیشی بەکۆمەڵە ئەوەندە چالاک بوو لە ڕووی باوەڕەکەیەوە مارکسی بوونەکەی ئەوەند کاریگەر بوو جارێکیان بەرپرسی لقی قوتابیان وتی ئەمین کەریم (ناوی خۆمە، شێرکۆ ناوی پێشمەرگایەتیە) تۆو ئازاد هەورامی خەریکە نان و ماومان دەرخوارد بدەن .

لەساڵی ١٩٧٢ دا لە قەبرەستانی شێخ محیدین باسی کۆمەڵەم بۆی کردوو دەستوورەکەیمان خوێندەوە چەند لاپەڕیەکی کەم بەرگێکی سووری هەبوو ناوی "کۆمەڵەی مارکسی –لینینی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ" لەسەرەوەی بەرگەکەی دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن" ، لە خۆشی ئەوەی لە دوای دەگەڕا نەیدەزانی چۆن خۆشیەکەی دەربڕێ ، وتی ماڵ ئاوەدان ئەم قسە جوانە دەزانی بۆ لێمانت شاردۆتەوە ، پەیمانماندا بەیەک بەوپەڕی توانامانەوە کۆمەڵە سەرخەین و کۆمەڵگای کوردستان ڕزگار بکەین لەو حیزبە بورجوازیە تەقلیدیانە ، پێوەی دیاربوو وەک ئەوەی گیانێکی نوێی بە بەرابکەیت ، ئەوەندە جوامێر بوو من تەنها ئەو بەستەرەبووم ئەوم گەیاندە مەبەستی خۆی ئەگینا هیچ حەوجەی بە من نەما تا باڵی بگرم و ئامۆژگاری بکەم تا زیاتر ڕێی بۆ ڕووناک بکەمەوە لێرەوە بۆم دەردەکەوێ خێزانی خوێندەوارو هوشیار توانای بێ سنووردارێش پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات.

پاشان بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە ئەوەندە بەهرەدارە زۆر زیاتر لەوەی من چاوەڕێی بووم ، بەهرەی شیعری و سروود وتن و ژەنینی ئامێری گیتار کۆبوونەوەکانمی خۆشترو بە چێژ تر دەکرد . ژیری و هوشیاریەکەی من و ئەوانی سەرەوەشی سەرسام کردبوو بۆیە بڕیاردرابوو لەسەروو منەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنی تر ، ئێمەی ئەوسا وا پەروەردە کرابووین گیانی خۆپەرستی خۆویستی تیاماندا بمرێنرێت بۆیە بەلای منەوە گرنگ نەبوو بۆ ئەو سەرخراو من لە شوێنەکەی خۆمم گرنگ ئەوەبوو کەسە بەتواناکان لە شوێنە شایستەکاندا کار بکەن ، ئەوەش ناگەیەنێ هەموو کۆمەڵە وابووبێ چونکە کۆمەڵە پڕی بوو لە خەڵکی جەلالی نەخوێندەوار لە بارەی بیروباوەڕدا قاڵ نەبووبوونەوە زۆربەی لەبەر ئەوەی مام جەلال کۆمەڵەبوو ئەوانیش کۆمەڵەیان پێباش بوو ، دوایی بینرا چۆن سەری کۆمەڵە خورا. لێک دابڕاین تا دروست بوونی کۆمیتەی هەرێمەکان شەهید ئازاد بووبوو بە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان— واتە کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەوسا — هەر چەندە لە شێوەی درووست بوونی ئەو کۆمیتە سەرکردایەتیە ناتەبا بووین لە گەڵ یەکدا بەڵام هەرگیز هیچمان بەلای بە فیرۆدانی ئەوڕەنجەی داومانە نەدەچووین ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆشەویست تر دەبووین لە دڵی یەکدا.

لە کەرکووکدا کە باسی هەورامی و هەورامان دەکرێت یەکسەر شەهید ئازادوو خێزانە تێکۆشەرەکەی وەک نموونەو نوێنەری هەورامی و هەورامان خۆی نیشاندەدا بۆیە پێمان ئاسایی بوو هەرچی هەورامی هەیە وەک شەهید ئازاد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ڕێزو خۆشەویستی بۆ دابنرێت.

بووین بە پێشمەرگە ئەو سەرکردەو منیش پێشمەرگە هەرچەندە لە شوێنی پێشمەرگایەتیماندا دوور بووین لەیەکەوە بەڵام دۆستایەتی و هەواڵ زانینی یەکتری نەپچڕابوو بەڵکو گەرمتر بوو .

لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەدا هەمیشە هەڵبژاردەم بووە کە ئەوم دەبینی لەسەر سەکۆی هەڵبژاردن ڕۆژانی سەرەتای کۆمەڵەم بیردەهاتەوە کە هیوایەکی بێ ئەندازەم پێی هەبوو ، وەک ئەوەی خۆم لەوێدابم .

دوایین جار یەکمان بینی لە ئوتێلێک لە مهاباد ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەنفالەکان بوو لە بادینان گەڕابۆوە کرابو بە فەرماندە لە قەندیل ئەوشوێنەی ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین ، بەیەکەوە گفتووگۆی جاران ئاساو خۆش و ئەمجارە

خێزانیش ، دایکی مناڵەکان دووگیان بوو وتی ئەگەر کچ بوو ناوی بنێ سولین – بەواتای، خونچە– لە بادینان بەرگوێی کەوتبوو ، منیش پێشتر بڕیارم دابوو ئەگەر کوڕ بێت ناوی ئازاد بێت ، شەهید ئازاد گرفتی ناوی کچەکەشی بۆم چارەسەر کرد ، دوایین شتێک کە بەجێی هێشتبوو نامەیەکی بچووک بوو لەبن دەرگای ژورەکە دانابوو کە هاتمەوە زۆر پێویستە بتبینمەوە ، مەخابن یەکتریمان نەبینیەوە. لەدەستدانی گەورەترین زیان بوو کەوت لە کوردوو هەژارانی کوردستان .

لە دوایین وشەدا **ئازاد** خۆی خۆی بوو ئازاد بوو بە گشت واتای وشەکان، سەری ڕیزوو خۆشەویستی بۆ دادەنەوێنم نموونەی پیاوی ڕۆژانی سەخت و خۆنەویست و خۆشەویستی و دۆستایەتی بوو .

مامۆستا شێرکۆ

٢٠١٨/٥/٢٢

ئەمەریکا